# ڕاپۆرتی هاوکارمان سابیر محمود داماو ژۆری کونگری ئوبۆزسیونی عێراقی ٢-٣-٢٠٠٣

دوای ئەوەی کوبۆنەوەکانی هاوینەهەواری صلاح الدين بە سەرکەوتویی کۆتایی پێهات وەك بەرێز تاڵبانی سکرتێر گشتی یەکێنی نیشتمانی کوردستان ڕایگەیاند بە کۆی دەنگ لیژنەی سەرکردایەتی هەڵبژرێدرا لە لایەن لیژنەی هەماهەنگی وبەدواچوونەوەی ئوبۆزسیونی عێراقی کە پێك هاتوون لە بەرێزا ( مسعود البارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان _ جلال تاڵبانی سکرتێر گشتی یەکێنی نیشتمانی کوردستان _ السيد عبد العزيز الحكيم لەسەرکردایەتی ئەنجومەنیباڵای شۆرشی ئیسلامی عێراق _ د. اياد العلاوی سکرتێری گشتی بزوتنەوەی وەفياقی نیشتمانی عێراق _ د. احمد الجلبی ئەندامی باڵای کونگرەی عیراقی _ د. عدنان الپاچەچی کەسایەتی عێراقی ناسراو. . .

شوێنی تر ماوە بە هیوای ئەوەین کە کەسایەتی تر بێنە ناو لیژنەی سەرکردایەتی لە برایانی تورکمان وبرادەرانی ئاشوری ئەم لیژنە دەتۆاندرێ ژمارەیان زیاد بکرێ تا نۆئەندامی تر

لە کات ژمێری ١٠:٤٣ شەوی ½–٢٠٠٣/٣ کونگرەی رۆژنامەنووسی دەستی پێکرد بۆ بەریزان

( جلال تاڵبانی _مسعود بارزانی _ د. احمد الجلبی _ السيد عبد العزيز الحكيم _ د. زاڵمای خلیل زادە)

سەرەتا بەرێز ووشیار زێباری بە زمانی ئینگلیزی وعەرەبی پێشکەیەکی وەت پاشان بەریز مسعود بارەزانی وەتاری خۆی پێشکەش کرد تیدا باسی سەرکەوتویی کونگرەکەی ڕاگەیاند بەڵام بێ تاقەتییەکی یەك جار زۆر بە رۆخساری ئەم بەرێزە بەدی دەکرا نیگارانی خۆی وکونگرەی ڕاکەیاند سەبارەت بەوەتارەکانی دەسەڵاتدارانی حکومەتی تورکی وەتی ئەو وەتارانە نە لە خزمەتی حکومەتی تورکی یە ونە لە خزمەتی ئێستا وداهاتووی پەیوەندی یەکانی عێراق تورکیا دەبێت بەڵکۆ زۆر زەرەمەندە دواتر سۆپاسی ئامادە بوونی کرد، کە بە زەمانیکوردی وەتاری خۆی پێشکەش کرد

دواتر السيد عبد العزيز الحكيم وەتاری خۆی پیشکەش کرد تیدا سۆپاسی گەلی کوردو هەردوو سەرکردەبەریزان ( مسعود بارەزانی وجلال تالبانی) کردنیگارنی خۆی دەربری دژی وەتارەکانی تورکیا

دواتر جلال تاڵبانی وەتاری خۆی پێشکەش کرد وەتی من بە زمانی رەسمی ووڵاتەکەم قسەدەکەم زەمانی عەرەبی زەمانی قورئانی پیرۆزئێمە بە شانازیەوە کونگرەکەمان سەرکەوتوە ئەوانی گەلییمان لێ دەکەن بۆ ئەوەی ئەمریکا هاوکارمانە بەڵام بۆ خۆیان بە حەڵاڵی دەزانن بۆ ئێمەش حلاڵە ئێمە سۆپاسی هەموو وەڵاتانی دراوسێ دەکەین لە کاتی تەنگانە بە دەمانەوە هاتوون وەك کۆماری سوریای عەرەبی کەزۆر بە ئەحزابی معارەزی (ئوبۆزسیونی) عیراقی لە ئەوێ دامەزراوەن لەوانە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەگەرمی سۆپاسیان دەکەین کە بە بردەوامی هاوکارمان بوون سوپاسی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین کە چەندین ساڵە هاوکاریمان دەکەن وەك ساڵانی خەباتی چەکداریمان لە دژی حکومەتی فاشستی بەغدا وە لە ئاوارە ملیونی یەکی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ وەهەتا ئەم دوایانیش، بەرێزی وەتی (پێم سەیرە ووڵاتێك هەزاران چەکی بە ئێمە دابێ ئێستا داوای چەك کردنمان لێبکات تورکیا یەکێکە لەو هاوکارەمان چ بەچەك بێ یاخۆد لە ئاوارەی ١٩٩١ بێ یان تا ئەم دوایانەی ئەم ماوەیە بێ ئێمە ( نکران جميل) نیین

ئێمە گەلێکین بەردەوانی بۆ عیراقێکی دیموکراسیو فیدرالی یەك پارچەیعێراق کارمان کردوە پێشمەرگەکانمان بۆ خزمەت و دیفاع کردن لە گیانی هاوڵاتیان و پارستنی ماڵ و کیانیان کاردەکات نازانم بۆچی تورکیا داوامان لێ دەکات کە چەکبکرێین هیوادرام برلمانی تورکیا نەکەویتە هەڵەوە بریار لە سەر ئەوە نەدات چونکە لە خزمەتی هیچ لەیەکمان نی یە. . وەهەروەها زۆر سۆپاسی د. زاڵمای خلیلزادە ی نونێەری حکومەتی ئەمریکا دەکەم لەگەڵ ستافەکەی کە ماندۆ بوون لە ریگا دا بۆ مەبەستی هاتن بۆ کوردستانی عێراق بۆ پەشداری کردن لەم کونگرەیەهیوادارین سلاۆمان بگەیەنێت بە بەرێز سەرۆکی ئمریکا بەریز بۆش زۆر سوپاسی هەموو هاوکارانمان دەکەم هیوادارم کۆمەڵەی عەربیەکان سەیر ئازاری خوڵکی عیراق بکەن و هاوکار بن بۆ ئەو خەڵکە

پاشان د. احمد الجلبی وەتاری خۆی پێشکەش کرد

وەتی زۆر سوپاسی د. زاڵمای خلیلزادە ی نونێەری حکومەتی ئەمریکا دەکەم لەگەڵ ستافەکەی ( شاینی باسە ئەم ستافە خۆیان تفتیشی رۆژنامەنووسان و میوانانیان دەکرد) وەتی هیوادارم لەم لیژنەیەدا سەرکەوت یەتی بە دەست بهێنین بۆ عێراقێکی دیموکراسی وفیدرالی وە پەیوەندی باش بێ لەگەڵ هەموو کۆمەڵانی وولاتە عربیەکان و درۆسیٚ کان و هاوکار بین بۆ هەڵوەشێندنەوەی چەکە کۆمەڵ کوژەکانی دیکتاتوری عێراق لە بیرمان نە چێت چەند سوپاسی گەلی کورد بکەین زۆر کەم ئەو گەلەی بە دەیان هەزاری لیٚ کوژراوە بەڵام وەئیستا باوەشی کردوتەوە بۆ ئوبۆزسیونی عێراقی لە کوردستاندا بۆ دووهەم جار کۆبێتەوە سوباسی گەرمی گەلی کوردو بەرێزان مام جلال و کاك مسعود بارزانی دەکەم، هیوادارم سیاسەت مدارانی تورك ئەو پەیوەندی یە مێژوویی لە بینی عێراق تورکیا ڕەچاو بکەن ولە بیری نەکەن لە بریار داندا هیوادارم برلمانی تورکی واقعیتر بڕوانێتە کێشەکان و دەخلەت کردن لە ناوخۆیی عێراقدا لە هەر وولاتێکی ئیقلیمی زەرەری هەردوو لایەنی تێدا دەبێت

پاشان دز خلیلزادە وەتاری خۆی پێشکەش کرد هەواڵی سەرکەوتنی ئەم کونگرەیە یە سەرۆك بۆش رادەگەینم ومەدەنیەتی گەلی کوردی پێرادەگەینم من لەباری هێرش کردن بۆ سەر عێراق دەڵیم ئێمە بە دەنگی ئێوەی عێراقی ئاشتی خۆاز دێین نەك بە دەنگی دکتاتوری بەغدا وە ئێمە هەست بە مەترسی رژێمی عیراق دەکەین هیواداریین هەموو وولاتان هەست بە ئەو مەترسییە بکەن ئێمە وەك داگیر کر نایەن بەڵکو بۆ رزگارکردنی عێراقییەکان و درۆسێکانی عێراق لە دکتاتوریەتی سەدام حوسین

پاشان دەرگای وەلاّم کرایەوە لە خلیلزادە دواتر لە هەموو ئەندامانی لیژنەیسەرکردایەتی لیژنەی هەماهەنگی و بەدواچوونەوەی _ ئوبۆزسونیعێراقی لە کات ژمێری ١٢:٢٣ی شەو کۆتایی بە کونگرە هات

سابیر محمود داماو

ژۆری کونگری ئوبۆزسیونی عێراقی

٢٠٠٣/٣/٢

هەولێر – صلاح الدین

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت